هاوار فائق

کەم کەس هەن هەقی تەواو بە شیعر بدەن



هاوار فائق ساڵی ١٩٨١ لەشاری هەڵەبجە لەدایک بووە و خاوەنی دوو نامیلکەی شیعرە بەناوی هەڵوەرینی گەڵا، ساڵی (٢٠٠٣) و بەماچێک کاڵ دەبیتەوە ساڵی (٢٠٠٤) بەچاپ گەیاندووە جگە لەشیعر نووسین کاری رۆژنامەوانی دەکات بەتایبەتی لەبواری هۆراماننناسی دا ئێستاش خاوەن ئیمتیازو سەرنوسەری گۆڤاری (هۆرامان) و مانگنامەی (کۆمسا) یە. بۆیە بەپێویستان زانی لەروانگەی شیعرەوە چەند پرسیارێکی لێبکەین

پ/ دەست پێکردنی نووسینی شیعری بەهرە بوو یاخود حەزێک بوو لەناختادا؟

و/ شیعر نووسینی من تەنها حەزێک بووە، لەسەرەتادا خۆشەویستی بۆ هۆرامان و دواتریش خۆشەویستی کچێک، کاتێکیش شیعرێک دەنووسم دەربرینی خۆشەویستی یە، هەموو ئەوانەی لەدەوروبەرم دەژین دەمەوێت لە ڕێگەی شیعرەوە هەستی خۆمیان لا دەرببڕم.

پ/ کاریگەری چ شاعیرێک لەسەرە؟

و/ وەک هەبوونی کاریگەری شاعیران لەسەر من شتێکی وانییە و شیعری هیچ شاعیرێک نەبووەتە کاریگەرییەک لەسەر شیعرەکانم، بەڵام عاشقی شیعرەکانی بێسارانی و مەولەوی و سەیدیم.

پ/ بۆچی زۆربەی گەنجانی ئێستا خەریکی نوسینی شیعرن؟

و/خەریک بوون بەشیعر نووسینەوە، کارێک نییە هەرکەس دەستی بداتێ، چونکە کەم کەس هەن بتوانن هەقی تەواو بەشیعر بدەن بەڵام ئەمڕۆ دەبینین هەر گەنجێک دێت و نامیلکەیەک شیعر لەچاپ دەدات، ئیدی گرینگ نییە بەلایەوە تاچەند سەرکەوتووە لەو بوارەدا بەڵکو لەلای ئەو گرنگ ئەوەیە ئەوکەسەی خۆشی دەوێت نامیلکە شیعرەکەی پێشکەش بکات و ئەوە ڕاگەینێت تاچەند عاشقی خۆشەویستەکەیەتی. ئیتر لای ئەو دەوروبەرە هیچ گرنگییەکیان لەبەرامبەر ئەودا نی یە، ئەمەش بەڕاستی کارەساتێکە بەسەر شیعردا دەهێنرێت.

پ/شیعرێک ئەگەر هەڵقولاوی دەرون نەبێ و تەنیا وشە ریزکردن بێت ناوی ئەنێی چی؟

و/ من مافی ئەوەم نییە و ناتوانم بڵێم کەشیعری فلانە شاعیر هەڵقولاوی دەرون نییە. بەهیچ شعرێکیش ناڵێم وشە ریزکردن ئەگەر چی ئەو شیعرەش زۆر جێگەی سەرنج و بایەخ پێدان نەبێت. ئەگرێت من عاشقی شیعری کەسێک بم و کەسێکی تر ئەو شێوەیەی هیچ بەلایەوە جوان نەبێت، شیعر نووسینەوەی ساتەکانە هەر لەبەر ئەمەش هەموو شیعرێک لەدەرونەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام لەشیعر نوسیندا بەهێزی بیرۆکەو شێوازی دارشتن و وێنە هێمایەکن بۆ جوانی ئەو شیعرەو بنەمان بۆ نوسینی شیعرێکی ناسک.

ئا/ ڕۆژگار

شارەزیان لەو باوەڕەدان کە جوانی دیاریەکی سروشتیە و نابێ دەستکاری بکرێ ، بەڵام لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە مرۆڤ بە جوانکاریەکانیەوە دەتوانێ وێنەیەکی سەرنجڕاکێشتر بەخۆی بدات . ئارایش و جوانکاری پیشەی دێرینەی مرۆڤەکان بووە . سەرچاوە مێژوویەکان باس لەوە دەکەن کە ژنان زۆرتر حەزیان لە ئارایش بووە و مەبەستیشیان ئەوەبووە کە سەرنجی دیتران بەلای خۆیانەوە رابکێشن .

لەوانەیە ژن یەکەمین مێینە بێ کە هەوڵی خۆجوان کردن و خۆ ئارایشت کردن بدات ، کەچی نێرەی زۆربەی باڵندەو پەلەوەرو گیانلەبەرەکانی دیکە بەمەبەستی راکێشانی سەرنجی مێیەکان خۆیان هەوڵی جوانکاری دەدەن و خۆیان دەرازێنەوە .

لە راپۆرتێکی شارەزایانی دەروونناسی و کۆمەڵایەتی زانکۆی شیگاگۆ دەرکەوتووە کە ژنان بۆ داپۆشینی کێماسیەکانی جەستەیان پەنا بۆ ئارایشکردن دەبەن و خۆیان دەرازێننەوە . خۆرازاندنەوەی ژنان تەنیا بۆ ئەوە نیە کە سەرنجی پیاوان بەلای خۆیانەوە رابکشێن، بەڵکو دەیانەوێ کێبەرکێ لەگەڵ ژنانیشدا بکەن ، چونکە هەستی ئیرەیی بردنیان بەرزە ، بەو هۆیەوە کاتێکی زۆر بۆ خۆرازاندنەوەو ئارایشکردنی خۆیان تەرخان دەکەن .

دیارە هەرکات ژنان هەوڵی خۆرازاندنەوەو جوانکاری دەدەن ، بەڵام کاتێ جەژن و ئاهەنگەکان نزیک دەبنەوە ئیدی خێراتر و بە تاسەترەوە بەدوای ئارایشی جۆراوجۆردا دەگەڕێن . ئەمساڵ لەوڵاتی هیندستاندا بۆ ئاهەنگی سەری ساڵی نوێ پێشبڕکێیەک بۆ جوانکاری تەرخان دەکرێ، ژمارەیەکی زۆر بەشداری تێدا دەکەن ، ئەوەی باشترین و تەندروستترین ئارایش بکات و خۆی بە جوانترین شێوە برازێنێتەوە دیاری وەردەگرێ .

تەمەنی ١٠٦ ساڵەو وەرزش دەکات

بەساڵاچوانی شاری نانجینگی وڵاتی چین لە هەنگاوێکی چاوەروان نەکراودا بڕیاریاندا وەکو لاوان وەرزش بکەن. بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێک بەساڵاچووی شاری نانجینگ رۆژی ٥-١٢-٢٠٠٦ نمایشێکی ناوادەیان لە گۆڕەپانی ناوەندی شارەکە کردو تەماشاکەرانیان سەرسام کرد. ئەمەی لەم وێنەیەدا دەیبینی پیرەمێردێکی تەمەن ١٠٦ ساڵیەو زۆر زانایانە لەسەر خۆی ڕاگرتووە و وەرزش دەکات.

تۆم و جێری بێ داهێنەر دەمێننەوە

کۆمپانیای وارنەر برازەرس ڕاگەیاند کەژۆزیف باربرا کە لەگەڵ ویلیام هانا بەجووتە فلیمەکانی مشک و پشیلەیان داهێنابوو لەتەمەنی ٩٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە چونکە (ویلیام هانا) ساڵی ٢٠٠١ کۆچی دوایی کردبوو بەمەش تۆم و جێری بێ داهێنەر مانەوە. شیاوی باسە ژۆزیف باربرا لەگەڵ ویلیام هانا کۆمپانیای وینەی جولاویان داهێناو دواتریش ناوی کۆمپانیاکەیان بەناوی (هانا_ باربرا) ناونا. لەچلەکانی سەدەی ڕابردوودا کاتێک توانیان لەتەک سەماکەری ناوداری ئەمەریکی (ژۆن کیلی) وێنەی تۆمی و جێری سەما پێبکەن، ناوبانگیان دەرکردو ناسران.

کۆمپانیاکە لەڕاگەیندراوێکدا مردنی ژۆزیفی ڕاگەیاندووە و دیاری کردووە کەناوبراو لەکاتی مردنیدا شیلای لەماڵەکەی خۆیدا لەلۆس ئەنجلس کۆچی دوایی کردووە. هاوسەری بەدیار سەریەوە بووە

شیاوی باسە ناوبراو بەداهێنەرێکی وێنەی جولاو ناژمێردرێ بەڵکو بەبەشێکی ناودارو خۆشەویستی ڕۆشنبیری و هونەری میللی ئەمەریکی دەژمێردرێ. لەلایەکی دیکەوە دەبێ ئەو ڕاستییە بگوترێ کە تۆم و جێری لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا ناسراون و خۆشەویستی منداڵانن، ئەو دوو کەسایەتیە وەک دوو کەسایەتی جیهانی پێوانیان بۆ کراوەو ڕیزیان لێگیراوە.

دواین بەشی هاری پۆتەر دەنووسرێ

بەگوێرەی هەواڵێکی ماڵپەڕی تایبەتی خانم (جی کی ڕۆلینگ) نووسەری زنجیرەچیرۆکی هاری پۆتەر، دواین بەشی لەو ڕۆمانە تەواو کردووە، بەمەش کۆتایی بەزنجیرەچیرۆکەکەی دەهێنێ. تا ئێستا ئەم بەشەچاپ و بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوە چارەنووسی قارەمانەکانی ڕۆمانەکە لەو بەشەدا بەدیار دەکەوێ، وا چاوەڕوان دەکرێ کەبەگەرمییەوە پێشوازی لێبکرێ.

شیاوی باسە بەر لەنووسینی ئەو ڕۆمانە، جی کی ڕۆلینگ نووسەرێکی ناسراو بوو، لەکافتریایێک کاری دەکرد، لەهاوسەرەکەی جیابێوە، دوو منداڵەکەی خۆی بەخێو دەکرد، بەڵام دوای نووسینی زنجیرە چیرۆکی هاری پۆتەر هەم ناوبانگی پەیدا کرد، هەمیش پارەیەکی باشی دەستکەوت. بەگوێرەی زانیاریەکان ساڵی ٢٠٠٣ زۆرترین کتێبی ئەو نووسەر هەفرۆشراوە، بەو هۆیەشەوە١٢ ملیۆن پاوەندی دەستکەوتووە.

خاڵۆ ئەواکس دەڵێ

کوری کابرایەکی دەسترۆیشتوی دەڤەری (....) لەپەنای خۆشەویستییەوە کچە هەژارێکی فریوو داوەو دەستدرێژی کردۆتە سەر، کەچی باوکی کوڕەکە ڕێگەنادات بیخوازێ، گوتوویەتی: ماڵە هەژارن بەدەفتەرێک دۆلار رازی دەبن!! دایکی کچەکەش ئەو قسەیەی بیستۆتەوەو چۆتە لای پێی گوتووە: ئێمە پارەمان ناوێ، ئێمە وەکو ماڵی باپیرت نین، کاتێک دایکت وای بەسەرهات ماڵی باپیرت بە ٤ سەر مەڕ رازی بوو، دوایی شووی بەباوکت کرد!

لەدەڤەری (....) کورەکانی ئاغایێک بەبەرچاوی حکومەتەوە سەرانە لەبەنزینخانەو کارگەکان وەردەگرن و کەسیش پێیان ناڵێ لەپشت چاوتان دوو برۆ هەیە

بەرپرسێک گوتوویەتی: من لەراپۆرتی بیکەر_ هاملتۆن نیگەران نیم، چونکە دڵنیام کەجێبەجێ ناکرێ، ئەگەر جێبەجێش کرا دەچمەوە ئەمریکا و واز لەکاری سیاسەت دەهێنم، ئیتر خزمەتی منداڵەکانی خۆم دەکەم!!

پەرلەمان خەریکە هەردوو دەزگای چاودێری دارایی یەکدەخاتەوە لەو نێوەندەدا ئەندام پەرلەمانێک گوتبووی: نازانم ئەم یەکخستنەوەیە بۆ ئەوەیە کەئیتر ببن بەدەزگایەکی سەربەخۆو بەڕاستی چاودێری کاری وەزارەتەکان بکەن یان هەروەکو پێشوو لێی پاڵبدەنەوە!!

جەبار سابیر



قودرەتی قادرو قودرەتی حکومەت

هەفتەی پێشوو لەڕەشەبا بەهێزەکەدا کەلەوەی (تۆرنادۆو ئەلنینۆو نیڤادا)ی کیشوەری ئەمریکا دەچوو، رەنگە کوڕەزای ئەوان بێت و هاتبێ چاوی بەسەربازە دۆراوەکانی ئەمریکا بکەوێت و هەندێک هێزو گوڕی دابێتێ و ویستبێتیشی بزانێ لەم ناوچەیە رەشەبای بەهێز هەیە تابەدیداری شادبێت. بەڵێ ئالەو رەشەبایەداو لەم بانزین کەمییەی ئەم وڵاتەی تێکەوتووە بەقودرەتی قادرو لەڕێگەی ئەو رەشەبایەوە قوفڵێکی چەند کیلۆیی بانزین خانەیەک شکاوەو سێ سەد هەزار لیتر بەنیزن بەدەم باوە ڕۆییوەو تائێستاش سەرو سۆراخی نیە، تەنانەت دەڵێن ئەو رەشەبایە گیرفانی پڕبووە لەکلیلی هەمەجۆرو وەک دزێکی کارامە نەیهێشتووە قوفڵ و دەرگاکەش تۆزێک ئازاریان پێبگات ئەوەندە دەستی سوک بووە. ئەرەوەڵلا سێ سەد هەزار لیتر بەنزین بابردی و وەک بەفرەکەی ساڵی ساڵان توایەوەو ڕۆی، دوو ڕۆژ دوای ئەوەش بەنزین گرانبۆوەو میللەتیش بۆ دۆزەخ. خەڵکیش بەخەیاڵی خاوی چاوەڕێیە حکومەت خزمەتی کات، لەکاتێکدا پارێزگاری لەبانزینخانەیەک بۆ ناکرێت و رەشەبا بەنزینەکەی حەپەلوش دەکات.

ئازادی و دیموکراتی لەم وڵاتەدا ئەوەندە زۆرە لێی دەرژێ، ئەو ڕۆژە لەهەولێر خەریکبو لافاوی ئازادی و دیموکراتی وەزیرێک لەگەڵ خۆی بەرێت و جارێکیتر پێی شاد نەبینەوەو گوێمان لەوتە بەنرخەکانی نەبێت، ئەو وەزیرە لەڤێستیڤاڵی گەلاوێژ لەگەڵ بەرپرسێکی ئەملا ئەوەندەیان باس لەئازادی بیروڕاو بەرگریکردن لەنوسین و نوسەرانکرد، پیاو گریانی دەهات، ئاخر چۆن لەڕۆژهەڵاتدا بەرپرسی بەو جۆرە دروستدەبێت. کەچی ئەو برادەرە لەکاتی پێشکەشکردنی کۆڕێکدا لەلایەن سەرۆکەوە ئاگادارکرا هەڵەی وانەکاتء کۆڕەکە نەگێرێ، ئەمیش کە بەنیازبوو بەرگری لەئێمەی رەشو روتبکات بەرگری لەخۆی پێنەکرابوو وتبوو وەلا من قسەی ئێوەو جەنابی سەرۆکم پێ ناشکێ و نامەوێ نیگەران بن لێم. بارگەو بنەی پێچایەوەو ڕۆی.

ساڵی پاریش، وابوو بەپێرار، بەکورتی ئەو وەختەی (ئەیاد عەلاوی) سەرۆک وەزیرانی عێراق بوو، عێراق وەزعی زۆر باشتربوو، ئەو وەختە عەلاوی هاتە سلێمانی و ئەو هەموو شەقامە خوارو خێچ و پڕ تاسەو چاڵی و چۆڵییەی بینیبوو، پێی شەرم ببوو بڵێت سلێمانی بەو وەزعەوە بەشێکە لەعێراقی عەرەبی. بۆیە هەر لەویێوە بریاریدا لەبەغدادەوە قیر بنێرێ بۆ قیرتاوکردنی شەقامەکانی سلێمانی، عەلاوی ڕۆیەوەو قیر بەرەو سلێمانی بەرێکەوت، کەچی بەقودرەتی قادر، نا بەقودرەتی حکومەتی خۆمان ئەو قیرە لەبەینی خاڵس کەرکوکدا ئیتر نازانم لەعوزێم یان لەدووز لەکام جێگە تیرۆرستەکان بردیان یەکێک لەشەقامەکانی ڕۆمادییان پێ قیرتاوکرد. بەخودێ نزانم.! ئەرەوەلا عەلاوی عەرەب ناردی کەچی کورد خواردی، سەیرە ئەم بەرپرسانەی کورد لە پاشا بەتەماحەکە دەچن. ئەوەی داوای ئاڵتون لەئاسکەکە دەکات، ئاسکەکە دەڵێ ئەوەندە بەسە.؟ پاشا دەڵێ ئاسکی بێعەقڵ هەموویم دەوێ، هەمووی. بەرپرسی کوردیش میللەت دەڵێ ئیتر چیمەنتۆ بەسە.؟ ئەو دەڵێ من قیریشم دەوێ، ئەو دەڵێ گومرگ بەسەو واز لەباج و خەراج و سەرانە بێنن. کاکی بەرپرس دەڵێ ئەی میللەتی قورمساغ هەموویم دەوێ، هەمووی.

cabardllopa@yahoo.com

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی- یانەی قەڵەم سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێیەم. ٠٧٣٠١١١٣٠٦١

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com